# چەند سەرنج و پێشنیارێک دەربارەی بەئەندامبوونی عێراق لە ئەنجومەنی جێبەجێکاری یونێسکۆ

**پرۆفیسۆر د. بڕیار شێرکۆ بابان**

یونێسکۆ دامەزراوەیەکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانە، کە لە ڕێگەی پەروەردە و زانست و کەلتوورەوە کار بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ هەموو گەلانی جیهان دەکات. یونێسکۆ کورتکراوەی دەستەواژەی "ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ پەروەردە و زانست و کەلتوور"، کە لە ساڵی ١٩٤٥ەوە دامەزراوە. بارەگای سەرەکیی یونێسکۆ لە "پاریس"ە. پەنجا و چوار لقی لە جیهاندا هەیە؛ یەکێکیان لە بەغدایە و لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە دەستی بە کارەکانی کردووە. لە ساڵی ١٩٤٨ەوە عێراق ئەندامی یونێسکۆیە، بەڵام تا دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حسێن، گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. هەرچەندە یونێسکۆ گرنگی بە گشت کەلتوورەکان لە ئاستی ناوخۆی وڵاتان دەدات، بەڵام ڕێکخراوێکە تەنیا وڵاتان مافی بەئەندامبوونیان هەیە تیایدا. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین پەیوەندیی نێوان کەلتووری کوردستانی و یونێسکۆ بدۆزینەوە؛ لەناو جەرگەی ناوچەکەیەکدا کە ئێستا بەئاسانی"هێزی ڕەق"ی تێدا بەکار دێت. ئێمە لەم بابەتەدا، وتارێك لەسەر "هێزی نەرم" دەنووسین، بەتایبەتیش لەسەر کەلتوور و زانست و پەروەردە لە چوارچێوەی یونێسکۆدا. هەڵبەت ئەم ڕێکخراوە ناوەندێکی گرنگە بۆ نیشاندانی ئەو هێزە نەرمە و پارێزگاریکردن لێی.

**یونێسکۆ و عێراق**

لە دۆخی ئێستادا، یونێسکۆ چالاکییەکی بەرفراوانی لە عێراقدا هەیە، **بەڵام لەچاو ئەو فرەیی و دەوڵەمەندییە کەلتووری و شوێنەوارییەی هەرێمی کوردستان هەیەتی، دەبینین چالاکییەکانی یونێسکۆ لە هەرێم لە ئاستێکی نزمدایە. هۆکاری ئەم کەمچالاکییەی یونێسکۆ، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کە بایەخی ئەوتۆ بە هێزی نەرم نادرێت.** ئەوەی گرنگە بزانرێت، چالاکیی کەلتووری و زانستی بەئاسانی بەجیهانی دەکرێت و کەرەستەیەکی زۆر گرنگە بۆ ناساندنی گەلی کوردستان.

لە کاتی دامەزراندنییەوە تاوەکوو ئێستا، لقی بەغدادی یونێسکۆ کاری لەسەر پەرەپێدانی پلاندانان کردووە لە عێراق و، لەگەڵ وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و سەرچاوە ئاوییەکان و کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و شوێنەوار و گەشتیاری، بەردەوام لە کار و چالاکیدایە. هەر شان بە شانی ئەم لقەیش، ئەنجومەنی جێبەجێکاری یونێسکۆ لە ساڵی ٢٠٠٣ بە بڕیاری ژمارە (9.2)، کۆمیتەی نێودەوڵەتیی هەماهەنگی بۆ پاراستنی سامانی کەلتووریی عێراقی دامەزراند. ئەم کۆمیتەیە چەندان ڕێکخراو و کەسایەتیی نێودەوڵەتی لەخۆ دەگرێت و لەژێر سێبەری حکوومەتی عێراقی کارەکانی ئەنجام دەدات.

هەروەها، عێراق لای خۆیەوە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ی دەرکردووە کە تایبەتە بە دامەزراندنی

لیژنەی نیشتمانی بۆ پەروەردە و کەلتوور و زانست بە سەرۆکایەتیی وەزیری پەروەردەی فیدراڵ و ئەندامێتیی زۆربەی لایەنە حکوومییە پەیوەندیدارەکانی عێراق و، هەروەها نوێنەری هەرێمی کوردستانیش. ئەم لیژنە عێراقییە وەکوو وەڵامدانەوەیەك بۆ داواکانی یونێسکۆ دامەزراوە. بەپێی مادده (٧)ی یاسای بنیاتنەری یونێسکۆ، لیژنەیەکی نیشمانیی بەرفراوان و فرەپێکهاتە، دەتوانرێت لە ئاستی ناوخۆی هەر دەوڵەتێك دابمەزرێت؛ هەرچەندە ئەم بابەتە بەڕاستی بایەخێکی سنووورداری پێ دراوە و نەتوانراوە کەلتوور و فۆلکلۆری کوردستان لە ئاستی یونێسکۆ بپارێزرێت. نەتەوە بێوڵاتەکان بەزەحمەت دەنگیان بە یونێسکۆ دەگات.

یونێسکۆ جێبەجێکردنی چەندان ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی لە ئەستۆیە، گرنگترینیان بریتین لە: ڕێککەوتننامەی پاراستنی سامانی جیهانی کە لە ساڵی ١٩٧٢ واژۆ کراوە و ڕێککەوتننامەی پاراستنی سامانی مرۆڤایەتیی نابەرجەستە کە لە ساڵی ٢٠٠٣ واژۆ کراوە. عێراق هەردوو ڕێککەوتننامەکەی پەسەند کردووە؛ یەکەمیان لە ساڵی ١٩٧٤ەوە و دووەمیان لە ساڵی ٢٠١٠ەوە. کۆمیتەی سامانی جیهانی لە ساڵی ١٩٧٧ەوە زنجیرە کۆبوونەوەیەکی ساڵانە لە شارەکانی جیهان ئەنجام دەدات. تا ئێستا عێراق نەیتوانیوە کۆبوونەوەیەکی یونێسکۆ ڕێک بخات، کەچی وەزیر و لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق بەردەوام لەو کۆبوونەوانەدا بەشدارن؛ دواترینیشیان لە شاری "ڕیاز"ی سعوودی بوو.

نموونەیەکی تر لە چالاکییەکانی یونێسکۆ بریتییە لە بوونی (٩٥٠) سەکۆ (Chaires) لە زانکۆ و ناوەندە زانستییەکانی جیهان. لە عێراق سێ زانکۆ ئەم سەکۆیەیان هەیە: سەکۆی ڕێگری لە توندڕەوی وبەهێزکردنی کەلتووری ئاشتی لە زانکۆی مووسڵ، سەکۆی دیراساتی ڕێگریکردن لە جینۆساید لە جیهانی ئیسلامی لە زانکۆی بەغدا و، سەکۆی دیراسات و گفتۆگۆی نێوان ئایینەکان لە جیهانی ئیسلامی لە زانکۆی کۆفە. سەرەڕای هەبوونی توانا مرۆیی و داراییەکان لە زانکۆکانی کەرتی گشتی و تایبەتی، هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە سەکۆیەکی یونێسکۆ لە هەرێم، هاوشێوەی ئەوانەی عێراق دابمەزرێنێت و، دەکرێت زۆر چالاکتر بن. ئەگەر ناونیشانی ئەو سەکۆیانە بەوردی بخوێنرێتەوە و، هەروەها چالاکییەکانی تری یونێسکۆ لە عێراق و لە جیهان بەدیقەتەوە تێبنی بکرێت، ئەم ڕێکخراوە تەنیا چالاکیی پەروەردەیی و کەلتووری و زانستیی نییە، بەڵکوو لە پشت ئەم چالاکییانەوە ئەرک و مەبەستی سیاسیی قووڵ هەیە.

**گرنگیی بەئەندامبوونی عێراق لە ئەنجومەنی جێبەجێکاری یونێسکۆ**

سەرەڕای ئامادەیی یونێسکۆ لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، ئەم ڕێکخراوە ڕێگر نەبوو لەوەی کە داعش چەندان شوێنەوار و سامانی کەلتووریی مێزۆپۆتامیا و عێراق لەناو ببات یان لە ڕێگەی تۆڕە قاچاغچییەکانەوە لە بازاڕی ڕەشی جیهانی، ئەو پارچە شوێنەوارییانە بفرۆشرێنەوە و شوێنبزر بکرێن. یونێسکۆ وەکوو هەڵگری دروشمی "بنیاتنانی ئاشتی لە هزری مرۆڤ"، هێشتا زۆر دوورە لەوەی عەقڵییەتی عێراقی بگۆڕێت. مۆدێلێکی فرەسوپایی دروست بووە؛ بە جۆرێکە دەیان کەتیبەی چەکداری لە بوودجەی عێراقی پارەدار دەکرێن، لە هەمان کاتدا بەشێکیان ملکەچی فەرمانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان نین. ئەوەندەی بنیاتنانی هزری شەڕ دەکرێت، نیو ئەوەندەیش بایەخ بە هزری ئاشتەوایی نادرێت. ئەگەر یونێسکۆ مامەڵە لەگەڵ جوانییەکانی دەکات لە کەلتوور و زانست، کەچی تازە بە تازە هاووڵاتیی عێراقی هیوای ئەوە دەخوازێت بۆ ساڵی ٢٠٢٤ "شەڕی هەمووان دژی هەمووان[1]" ڕوو نەدات. چل ساڵ زیاترە عێراق یان لە دۆخی شەڕە یان لە دۆخی نیوەشەڕ.

لەو باوەڕەداین، چەند عێراق نزیك بێتەوە لەو دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی کە بایەخ بە مافی مرۆڤ و بابەتی ئاشتیخوازانە دەدەن، ئەوەندە ئەو وڵاتە دەکەوێتە سەر هێڵی سەقامگیری و، پاراستنی مافی پێکهاتە جیاوازەکانی تێدا بەدی دێت. ئێستا عێراق بۆ ماوەی چوار ساڵ (٢٠٢٣-٢٠٢٧) وەکوو ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکاری لە یونێسکۆ ئەندامە. ئەم بابەتەیش یەك دەگرێتەوە لەگەڵ داخوازییە نێودەوڵەتییەکان بۆ بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی شاری مووسڵ و دەوروبەری. یونێسکۆ بەرنامەیەکی تێروتەسەلی بۆ شاری مووسڵ ئامادە کردووە بە ناوی زیندووکردنەوەی ڕۆحی مووسڵ (Revive Spirit of Mosul) کە پاراستنی کەلتوور و ئاشتەوایی و بنیاتنانەوە و ڕێگریکردن لە توندوتیژی لە ڕێگەی پەروەردەوە، دەگرێتەوە. لێکەوتەکانی ئەم بەرنامەیە هەستی پێ دەکرێت، بۆ نموونە: نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی ئەلنووری، منارەی حەدبا و کلێسای ساعە. بەرنامەیەکی فرەلایەنە و، چەندان دەوڵەت پشتگیری دەکەن و کاری بۆ دەکەن.

عێراق بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێتە ئەندام لە ئەنجومەنی جێبەجیکاری یونێسکۆ، کە پێکهاتووە لە پەنجا و هەشت ئەندام، بەم شێوەیە تا ڕاددەیەکی زۆر ئەم وڵاتە نزیك دەبێتەوە لە ناوەندی بڕیاردانی یونێسکۆ، بەڵام گرنگیی ئەم بەئەندامبوونە بۆ خودی یونێسکۆیە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی - ئەم جارەیان لە ڕێگەی یونێسکۆوە - مەبەستێتی لە عێراق و بەتایبەتی لە مووسڵ ئامادە و بەشدار بێت؛ لانەی چەندان ئایین و ئایینزا و سەرچاوەی چەندان شارستانییەتی لەناوچوو کە مێژووی مرۆڤایەتییان تێدا نووسراوەتەوە.

**ئەگەر وشەی "موصل" واتاکەی "خاڵی بەیەکگەیشتن"ە، ئێستا هەرێم نزیکترین خاڵی سەقامگیر و بەیەکگەیشتنە لە مووسڵ؛ شاندە بیانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی هەولێر و دهۆکەوە بەئاسانی دەگەنە مووسڵ.** بەڕێوەبەری گشتیی یونێسکۆ، خاتوو ئۆدرەی ئازولای، لە مانگی (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ سەردانی بەغدا و هەولێر و مووسڵی کرد. کەواتە ئامانجی هەرە سەرەکیی یونێسکۆ لە عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ ڕستەی دەستپێکی یاسای بنیاتنەری یونێسکۆ کە نووسراوە: "جەنگ لە هەستی مرۆڤەکانەوە لەدایک دەبێت، بۆیە پێویستە بەرگریکردن لە ئاشتی لە ناخی مرۆڤەکاندا پەروەردە بکرێت". بەرجەستەکردنی ئەم ڕستەیە تا سەر ئێسقان بۆ عێراق و عێراقییەکان پێویستە. لە پاڵ ئەم بابەتەدا، پێویستە بە چاوێکی ترەوە تەماشای یونێسکۆ بکرێت ئەویش وەکوو سەرچاوەیەك بۆ پاراستنی کەلتووری سەنگینی کوردستانی.

**یونێسکۆ وەك شوێنی پاراستنی کەلتووری کوردستان**

وەک ئاشکرایە لەبەر نەبوونی دەوڵەتی کوردستان، نوێنەرایەتیی کوردستان لە ڕێکخراوێکی حکوومیی وەکوو یونێسکۆدا مەحاڵە، **بەڵام بەشداربوونی سامانە کەلتوورییەکەی کوردستان و پارێزگاریکردنی لە ڕێگەی یۆنێسکۆوە کارێکی مەحاڵ نییە. بەپێچەوانەی ئەو وڵاتانەی هەوڵی سڕینەوەی کەلتووری کورد و کوردستان دەدەن، یونێسکۆ ڕێگەیەکە بۆ خۆپاراستنی یاسایی و نەرمونیان.** یەکێك لە پێناسە گرنگەکانی ناسنامەی نیشتمانیی هەر میللەتێك، لە ڕێگەی کەلتوورەکەی و شوێنەوارەکانی و پەروەردە و زانستەوە دەکرێت، کە یونێسکۆ ئەرکێتی بیپارێزێت. ئەم بابەتەیش دەکرێت لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام بدرێت؛ نەك پارێزگاریکردنی لە کەلتووری هەرێمی کوردستان بەتەنیا بەڵکوو پاراستنی کەلتوورە لۆکاڵییەکانی پارچەکانی تری کوردستان بخاتە ئەستۆی، لەبەر ئەوەی سیاسەتی وڵاتانی دراوسێ، دیارە کە چۆنە بەرامبەر کەلتووری کورد و کوردستان.

یۆنێسکۆ دوو تۆماری زۆر گرنگی هەیە: یەکەمیان پەیوەستە بە تۆمارکردنی شوێنە کەلتووری و شوێنەواری و سروشتییەکان، وەکوو سامانی جیهانیی پارێزراو. دووەمیان پەیوەستە بە تۆمارکردنی سامانی کەلتووری مرۆڤایەتیی نابەرجەستە. لە چوارچێوەی خاڵی یەکەم، لە عێراق شەش شوێن وەکوو سامانی جیهانی تۆمار کراون؛ سێیانیان یۆنێسکۆ ڕای گەیاندووە کە مەترسیی لەناوچوونیان هەیە کە بریتین لە شوێنی پاشانشینی حەزر (الحضر)، شاری ئاشوور (قەڵای شەرقات) و شاری شوێنەواریی سامەرا. شاری شوێنەواریی بابل لە ساڵی ٢٠١٩ تۆمار کراوە؛ مەترسیی لەسەر نییە و ئەهوارەکانی باشووری عێراق وەکوو شوێنێکی کەلتووری و سروشتی لە ساڵی ٢٠١٦ تۆمار کراون.

تاکە شوێن کە لە یونێسکۆ لە ساڵی ٢٠١٤وە تۆمار کرابێت و بکەوێتە چوارچێوەی جوگرافیی هەرێمی کوردستان، بریتییە لە قەڵای هەولێر. ئەمە دەسکەوتێکی کەلتووری و نێودەوڵەتیی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی بە شێوەیەك تۆمار کراوە کە ناوی پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕوونی لە گشت بەڵگەنامەکان تۆمار کراون و بڵاو کراونەتەوە. بۆ ئەم بابەتە، "لیژنەی باڵای بووژانەوەی قەڵای هەولێر" دامەزراوە، کارێکی چڕوپڕی ئەنجام داوە و سەرکەوتوو بووە لەوەی کە شەراکەتی ستراتیژی لەگەڵ یونێسکۆ دابمەزرێنێ. **تۆمارکردنی قەڵای هەولێر وەکوو سامانی جیهانیی پارێزراو کارێکی زۆر گرنگە، بەڵام چەندان ناوچەی سروشتی و کەلتووریی تر لە هەرێم هەن، پێویستە بە هەمان شێوە تۆمار بکرێن و لە مەترسیی لە ناوچوون بپارێزرێن.**

پێمان باشە لێرەوە پێشنیار بکەین کە **شاری هەولێر** ببێت بە ئەندام لە ڕێکخراوی شارانی سامانی جیهانی (Organization of World Heritage Cities (OWHC)) کە لە ساڵی ١٩٩٣وە لە کەنەدا دامەزراوە و نزیکەی (٢٠٠) شار ئەندامن تێیدا و ساڵانە چالاکیی جۆربەجۆری هەیە[2]. ئەم جۆرە بەشداربوونە بۆ شارێکی وەکوو هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان، زۆر گرنگن، کە لە ڕێگەی مێژوو و کەلتوورەوە دەنگی خۆی بگەیەنێتە جیهان. شایەنی گوتنە لە ساڵی ٢٠٢١ەوە، سروشتی جوانی (١٢) گوندی هەورامانی تەختیش لە دیوی ڕۆژهەڵات، وەکوو شوێنێکی کەلتووریی جیهانی لەلایەن ئێرانەوە تۆمار کراوە.

سەبارەت بە سامانی مرۆڤایەتیی نابەرجەستە، مەترسییەك هەیە کە ئەو کەلتوور و فۆلکلۆر و هونەرە دەوڵەمەندەی کوردستان لە گشت پارچەکانی کوردستان بە ناوی دەوڵەتان و نەتەوەکانی تر تۆمار بکرێن و کوردستانیان بێبەش بکرێن و بەشێکی کەلتووری کوردستانی بسڕێتەوە کە بەشێکە لە ناسنامەی نەتەوەییی کوردستان. **بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٢، ئێران و ئەفغانستان "شەوی یەڵدا"یان وەکوو سامانی مرۆڤایەتیی نابەرجەستە تۆماریان کردووە، بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک ناوی کورد بهێنرێت. لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە مەقامی عێراقی تۆمار کراوە، کەچی "مەقامی کوردی"، کە بەشێکی کەلتووری ئاواز و گۆرانیی کوردی پێک دێنێت.** ئاماژەی پێ نەکراوە. شایەنی گوتنە، چەندان جۆری مەقام هەیە ناوی کوردییان هەیە. کاتێك دێینە سەر ماڵپەڕی سەرەکیی یونێسکۆ دەربارەی تۆمارکردنی نەورۆز وەکوو سامانی کەلتووری مرۆڤایەتی، دەبینین بە ناوی (١٢) وڵاتەوە تۆمار کراوە، لەوانە تورکیا و عێراق و ئێران، کەچی وشەی کورد و کوردستان ئاماژەی پێ نەدراوە. بۆیە ترسەکە ئەوەیە جۆرەکانی تری هونەر و فۆلکلۆر و جلوبەرگ و خواردن و چەندان بابەتی کوردستانی شوێنبزر بکرێن و بە ناوی میللەتانی دەوروبەر تۆمار بکرێن.

بازنەی کارکردن لەگەڵ یونێسکۆ بەرفراوانە؛ یەکێك لە کارە گرنگەکانی یونێسکۆ بریتییە لە دامەزراندنی تۆڕی شارە داهێنەرەکان[3]. شاری سلێمانی، کە لە هەرێمی کوردستان بە "پایتەختی ڕۆشنبیری"

ناسراوە، هەوڵی خۆتۆمارکردنی داوە لەم تۆڕە وەکوو شاری ئەدەبیات. ئەم دەستپێشخەرییە لە ساڵی ٢٠١٩ دەستی پێ کردووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی کۆرۆنا لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەم بابەتە دامرکایەوە. چاوەڕێی هەنگاوی گەورە دەکرێت لە پێناوی جێگیرکردنی شاری سلێمانی لە نەخشەی ئەدەبیاتی جیهانی، بەتایبەتی لە ڕێگەی یۆنێسکۆوە. ئەم تۆڕە کارێکی ڕێکخراو و گرنگە. دەکرێت هەر ناوچەیەکی هەرێم (مەرج نییە لە بواری ئەدەبیات، بەڵکوو لە بابەتێك کە دەچێتە چوارچێوەی کاری یونێسکۆ) خۆی تۆمار بکات؛ بۆ نموونە لە بواری مۆسیقا، کاری دەستی، شانۆ، جلوبەرگ، خواردن و هتد.

**بە شێوەیەکی گشتی، پەیوەندیی نێوان یونێسکۆ و هەرێم لە ئاستی چاوەڕانیدا نییە؛** پێویستە دەرگەکانی هەرێم بۆ ئەم ڕێکخراوە والا بکرێن و بنکە و لقی زیاتریان لە هەرێم هەبێت. دەبێ زانکۆکانی هەرێم سەکۆی زانستیی هاوبەش لەگەڵ یونێسکۆ بکەنەوە و شوێنە کەلتووری و سروشتییەکانی کوردستان زیاتر لە لیستی سامانی جیهانی و کەلتوور و فۆلکلۆر و هونەر و داب و نەریتە ڕەسەکانی کورد و کوردستان و بە ناوی کوردەوە تۆمار بکرێن؛ با لە بەرچاوی خۆمانەوە بە ناوی کەلتووری میللەتێکی تر تۆمار نەکرێن. ئەوانەیشی بە ناوی میللەتانی ترەوە تۆمار کراون، هەوڵ بدرێت ناوی "کورد" و "کوردستان"یشیان بۆ زیاد بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە چەندان ڕێبەر و میکانیزمی ئامادەکراو هەن کە پێویستە لەلایەن دەسەڵاتدارە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بگیرێتە بەر. **یونێسکۆ باشترین دامەزراوەی نێودەوڵەتییە کە کەلتووری سەنگینی کوردستانی تێیدا تۆمار بکرێت و بۆ هەمیشە لە هەر شوێنبزربوونێك بپارێزرێت.**

[1] دەستەواژەی "شەڕی هەمووان دژی هەمووان" لە ساڵی ١٦٥١، لەلایەن "تۆماس هۆبز"ەوە بەکار هێنراوە بۆ باسکردنی دۆخی شەڕی ناوخۆ و نەمانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا.

[2] (OWHC (ovpm.org

[3] https://en.unesco.org/creative-cities/home